Scandinavia Committe of komala party - Iranian kurdista
http://mskomala.blogfa.com

# شکۆداربێت ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی هاوپشتیی جیهانیی کرێکاران

ڕۆژی جیهانیی کرێکار، ڕۆژی هاودەنگی کرێکارانە بۆ داواکردنی مافی ژیانی شیاوی ئینسانی سەردەم. ڕۆژی ڕاگەیاندنی هاوخەباتیی هەموو مافخوراوانە بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانیان.

کرێکارانی کوردستان کە لە هەژارترین و بێبەشترین کرێکارانی ئیرانن، کە لە گەڵ ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەییشدا بەرەوڕوون. پەرەسەندنی بێکاری لە کوردستان، جیاوازی و هەڵاواردن لە وەگەڕخستنی سەرمایە و تەرخان نەکرانی بودجەی ئاوەدانکردنەوە بۆ پارێزگا کوردنشینەکان و لەم دواییانەشدا ڕاگرتنی هەرجورە دامەرزاندنێک لەو ناوچەیە و بەرتەسک کردنەوە و تەنانەت داخستنی ئەو ژمارە کەمەی ناوەندە کۆنەکانی بەرهەمهێنان لە کوردستان، هەموویان نیشاندەری دوژمنایەتیی قووڵی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ خەڵکی کوردستان و ترس و نیگەرانیی ئەو ڕژیمە لە خەباتی ڕەوا و حەقخوازانەی خەڵکی کوردستانە. بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی دیمۆکراسییە و هاوپەیمانی پێشکەوتنخوازی و سێکۆلاریسم لە ئیراندایە.

بزوتنەوەیی کرێکاریی ئیران بە داکۆکی کردن لە مافە ڕەواکانی جوڵانەوەی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکە، لە ڕاستیدا دەبێتە ڕێگاخۆشکەری یەکگرتنی کرێکارانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئیران.

ئەمساڵیش هەر وەکوو ساڵانی ڕابردوو تەشکیلاتی کۆمەڵە لە مەڵبەندی سکاندیناڤی بە مەبەستی داکۆکی کردن و پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی کرێکارانی کوردستان لە بەرانبەر ڕژیمی سەرەڕۆ و کۆنەپرستی کۆماری ئیسلامیی ئیراندا، بۆ گەیاندنی دەنگی فەقیری و هەژاریی خەڵکێکی حەقخوراو و زوڵم لێکراو ، هاودەنگ لە گەڵ ئەحزابی چەپ و سوسیالیست و ئیتەحادیە و سندیکا کرێکاریەکانی وڵاتانی سکاندیناڤی، بە بەشداری چالاکانە لە ڕێپێوان و ڕێوڕەسمەکانی ئەم ڕۆژە پیروزە، ڕێز لە یەکی مانگی مەی دەگرێ.

بۆ پێشەوە بەرەو پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری
بژی سۆسیالیزم و ئازادی

28ی ئاپریلی 2006
کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئیران .. کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناڤی

Tel+fax : 0046 31 330 80 48 e .mail : kmsk2004@hotmail.com
Adress : Box 101 post nr 424 23 Göteborg SWEDEN